# دایك




باری تایلەر
بەرچقەی
خانمەدکتۆر تەلار عبدالله احمد

دایك, فریشتەی سەرگروشتەكان نییە
جیهانێكی ئەندێشەیت بۆ رێكخات
دەستەوسانەكان ناهێننەدی,
بەڵام ئەتوانیٚ ژیانت لیٚ جوانكات
ئەفسونی دایك
میهرەبانی,سۆز و ئامۆژگارییە
ماچ بارانە
لەو ساتانە
دڵت منالێكی بەگرۆیە و سۆزی ئەویٚ

هەگبەیەكی پڕی پێیە
لیپە لە سۆز , ئەوین و دڵسۆزی
بە شێوەیەك پێت بكەویٚ

## خۆزگەی كیژۆڵەیەك




رۆڵە, كچم
پێڵوەكانت لەسەر یەكنیٚ
ئاواتەكانت بخوازە
كام ئاوات مەزنە و پڕ ئاوازە
لەو خۆزگانەی لیپی لێی

لەگەڵتان و هەنسك ئەدەن

پریاسکەکەت سیخناخەو

ریٚ دەرناکەن

ئەوین و سۆز ئەخوازی

فەرموو لە جەژنی دایکدا دلٚ بکەوە

دەریایە ئەوین و هەستی ناسك و

ئەمەکداری کۆ کەوە






حەی مارکۆس

بەرچڤەی

خانمەدکتۆر رۆشنا علی محمد

تۆ بووی منت کرد بەمە

بە سۆز و ئارام و خۆشەویستی

شەونخوونی, فرمێسك و خۆنەویستی

کە کەوتمە سەر پیٚ

ووتت ئەوە ڕێ

بڕۆ ئازاد بە

سەربەست و شاد بە

ئەوە دەریای ژیان

تۆش کەشتییەوان

تۆبووی منت کرد بەمە

بە هێنانەدی خەونەکانم

دەستی دڵسۆزیت بۆ هەنگاوەکانم

هێزمت دایە بەر

ژیر و میسهرەبان

ڕێگەت بردەسەر

تا گەیشتمە ئێلاخ

تۆبووی منت کرد بەمە

چەندەت پیا بێژم هێشتا هەر کەمە